بیونسی

# من وەک هەر کچێکی ئاساییم

**هەرچەندە بیونسی نویلس ئەستێرەیەکی سەرکەوتووی بواری گۆرانی گوتنە و ئەم ساڵیش پاڵێوراوبوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار لە فیلمی Girls Dream، بەڵام بیونسی وەک هەر کچێکی ئاسایی ژیانی بەسەر دەبات، لەم دیمانەیەدا باس لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات.**





*** پێدەچێت تۆ و دایکت هاورێ بن؟**

– بەڵێ، چونکە ئەو باش شارەزای من بووە و هەمیش لێم دەبوورێ و وەک منداڵێکی بچووک سەیرم دەکات، هەر ئەویشە فێری کردووم کە وەک کچێکی ئاسایی بم، من پێشتر لە قوتابخانە هاورێم زۆر بوو ئێستاش پەیوەندیمان بەردەوامە و بەیەکەوە کاتێکی زۆر بەسەر دەبەین.

*** چ کاتێک هەمبەرگەر و پیتزا دەخۆی؟**

– هەرچەندە من حەز ناکەم کێشی لەشم زیاد بێت، بەڵام وەک هەر مرۆڤێکیش حەز لە خواردنیان دەکەم، چونکە پێموایە ئەگەر نەیانخۆم کار لە جوانیم دەکات.

*** بیونسی کێیە؟**

– لە بەرامبەر خەڵکدا کچێکی شەرمنم، بەڵام لەسەر تەختەی شانۆ دەبم بە پڵنگێکی درندە کە بە هەموو هەستێکەوە گۆرانی دەڵێم و سەما دەکەم و، لە یانەی شەوانە گۆرانی ناڵێم و حەزیش ناکەم سەرنجی خەڵک رابکێشم.

*** منداڵت خۆشدەوێ؟**

– من عاشقی منداڵانم و بە ئاواتم رۆژێک لە رۆژان خێزانێکم هەبێت، بەڵام هێشتا کاتی شوکردن و منداڵ بوون نەهاتووە، چونکە کارەکەم زۆر ماندووم دەکات.

*** تۆ و دەستگیرانەکەت ناودارن، ئەمە گرفتتان بۆ دروست ناکات؟**

– لە راستیدا من و جای گرفتمان بۆ دروست دەبێت، من حەز دەکەم تایبەتمەندێتی خۆم هەبێت و حەز ناکەم دەزگاکانی راگەیاندن باس لە خۆشەویستی و پەیوەندیمان بکەن، هەرچەندە دووچاری پاڵەپەستۆی زۆر دەبین.

*** ئامۆژگاری یەکتری دەکەن لە بواری هونەرییەوە؟**

– بەشێوەیەکی لاوەکی باس لە کار دەکەین، چونکە حەز دەکەین باس لە شتی گرنگتر بکەین و دەمانەوێ کاتی بێکاری بە هێمنی بەسەربەرین.